کوردستان ... تا کۆتایی ساڵی 2026 پرۆژەی رووناکی دەگەیەنرێتە هەموو هاوڵاتیان



ئەمە هەینی ،وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێم رایگەیاند، تاوەکو کۆتایی ساڵی 2026یش هەمو هاوڵاتیان کارەبای بەردەوامیان پێدەگات، ئاماژەی بۆشکرد تا ئێستا لەسەرانسەری هەرێمی کوردستان زیاتر لە یەک ملیۆن هاوڵاتی کارەبای 24 کاتژمێریان بۆ دابینکراوە .

وەزارەتی کارەبا لەڕاگەیەندراوێکدا باویکردەوە، لە درێژەی هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دابینکردنی کارەبای 24 کاتژمێری لە ڕێگەی پڕۆژەی ڕووناکی، وەزارەتی کارەبا هەڵدەستێت بەدابینکردنی کارەبای نیشتیمانی 24 کاتژمێری بۆ کەمەکی ناوچەی جیاوازی سەنتەری هەر سێ پارێزگای هەولێر، سلێمانی و دهۆك بەشێوەیەک لەم هەنگاوەدا ژمارەی هاوڵاتیانی سودمەند لە کارەبای 24 کاتژمێری پڕۆژەی ڕووناکی دەگاتە زیاتر لە یەک ملیۆن".

باسی لەوەشکردوە، "لە چەند مانگی ڕابردو کەمەکی ناوچەی دیکەی هەولێر، سلێمانی و دهۆك سومەندبون لە پڕۆژەی ڕووناکی و کارەبای 24 کاتژمێریان بۆ دابینکرابو، پڕۆژەی ڕووناکی بەردەوامە لە فراوانبون و ئێستا لەسەرانسەری هەرێمی کوردستان زیاتر لە یەک ملیۆن

هاوڵاتی کارەبای 24 کاتژمێریان بێ دابینکراوە و نزیکەی 1300 مڵیدەی تایبەت وەستێنراون کە یەکسانە بە 225 هەزار ئێتێمبڵ لەڕێوی دەردانی گازی ژەهراویی‌یەوە، هەروەها تاوەکو ئێستا نزیکەی 60 هەزار شوێنی بازرگانی کارەبای 24 کاتژمێریان بێ دابینکراوە".

ئەوەشیخستەڕو، پڕۆژەی ئوناکی بەردەوامە لە فراوانبون و تاوەکو کۆتایی ساڵی 2025 سەنتەری هەر چوار پارێزگای هەولێر، سلێمانی، دهۆك و هەڵەبجە کارەبای 24 کاتژمێریان پێدەگات، ناوچەکانی دیکەش تاوەکو کۆتایی ساڵی 2026 دەبنە خاوەنی کارەبای 24 کاتژمێری.